# چیتر خۆتان نارەحەت مەکەن, خەڵك نارەحەت بکەن

**سامان کەریم**

مایسی ساڵی 1968 کاتێك خوێندکاران و گەنجان لە فەرەنسا شۆڕشیان دژی دەسەڵاتی زانکۆ و حکومەت و دەوڵەت و بەرپرسان کرد, لەپاڵ هەڵگرتنی دەیان دروشمی یاخیگەرانە و گەنجانەی بوێرانەدا, ئەو مانشێتەی ئەم بابەتەش یەکێك بوو لەو دروشمانە..

لەسەر ئەوەی هاوڕێیەکی گەنجی بێگانەیان بەبڕیارێکی سەرۆکایەتی زانکۆکەیان لە زانکۆ دەردەکرێت و ڕەوانەی وڵاتێکی تری دەکەن, ئەمان هەڵوێست وەردەگرن و دەخرۆشێن.. کۆلێجێك و دوان و سیان, زانکۆیەك و دوان و سیان, تادەگاتە هەموو زانکۆکانی پاریس و چەند شارێکی تری فەرەنسا مان دەگرن و دێنە سەر جادەکان, هوتاف دژی گەندەڵی دەسەڵات و نادادپەروەری زانکۆ و خراپەکاری بەرپرسەکانی وڵات لێدەدەن.. خۆپیشاندان گەرم دەبێت و توێژەکانی کرێکار و ڕۆشنبیریشی تێکەڵ دەبێت.. سەراپا فەرەنسا دەوروژێت, تا دەگاتە ئەوەی ئەو خۆپیشاندان و مانگرتنەی کە سەرچاوەکەی گەنجان بوون, ببێتە گەورەترین شۆڕشی نێوخۆیی و دەسەڵات بگۆڕن..

ئەوی ڕۆژێ, کە دەکاتە چل و حەوت ساڵ و نۆ مانگی لەمەوپێش, ئەو خوێندکارە شۆڕشگێڕانە بە هاوەڵە گەنجەکانیان دەگوت: دەنگتان هەڵبڕن, چیتر کاتی ئەوە نەماوە چاو لەنارێکی و خراپەکاری و گەندەڵییەکان بپۆشن و بێدەربەست بن لە ئاستی کەسانی ورگ زللی چاو برسی و هیچ لەبارانەبووی دز و جەردە و بێ کاردا, بەڵکو دەبێ دژیان بوەستنەوە و ناچاریان بکەن یان خۆیان ڕاست بکەنەوە, یان مێز و کورسییەکانیان بەجێ بهێڵن و چۆڵی بکەن..

پاش ئەوەندە ساڵ, کە زەمەنێکی کەم نییە, گەنج و خوێندکاری ئێمە هێشتا هەر خۆی نارەحەت دەکات و نایەوێ بەرامبەر نارەحەت بکات! هێشتا خوێندکارەکانمان هەموو ڕۆژێك لەلایەن مامۆستا نەفام و چەوتەکانەوە ئەچەوسێنرێنەوە و نایانەوێ بەرامبەریان بوەستنەوە!!.

گەنج و خوێندکارانی وڵاتی ئێمەش پێویستییان بە شۆڕشە, زۆریش ئاسانە لەمەودوا بڕژێنە سەر شەقامەکان و بڵێن: مامۆستا ناشیرینەکان خۆتان جوان بکەنەوە, مەسئولە خراپەکان شێوەمان ناوێن, دەسەڵاتدارە گەندەڵەکان خۆتا پاکساز بکەنەوە, ئەگەر نا, ئەوا شۆرش دەکەین و تەخت و تاراجتان دێنینە خوارەوە..